www.kurdistannet.org
4-6-2003 2:10

# ئازادی زیاتری رۆژنامەگەریی لەعێراقی ئازاددا

سەردارخۆشناو

سلاُو لەخوێنەرانمان...

گۆرانکارییەکانی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و نەمانی لەپەرلەبەردەم ئازادبوونی رەئی تاك و هەبوونی رەئی بەرامبەرو مومارەسەکردنی کاری رۆژنامەگەریی بەهەموو چەشنەکانییەوە بوار یا کەشێکی لەباری ململانێی دروست بوونی دەوڵەتی یاسا لەتەوای حزبە کوردستانی و عێراقییەکان و نەمانی تاك حزبی دەسەلاُتدار لەعێرقێکی یەکگرتوودا فەراهەم دەکات جگە لەوەی دەسەلاُتی چوارەم بەشێوە گشتییەکەی کاریگەری ئەرەنی لەپەراوێزی ولاُتێکی یاسایی ئازادو دیموکرات دروست دەکات لەهەمان کاتداکەناڵێکی مەعریفی دەبیٚ بۆ بەرچاوخستنی هزری تاکی کۆمەڵ وفراوان بوونی ئاسۆی نادیاریی، لەبەرئەوەی لەجیهاندا بایەخێکی ئەوتۆ بەبواری رۆژنامەگەری دەدریٚ و زۆر جار هەمووسنورێك دەبرِیٚ بۆ تۆکمەو رێکردنی پێگەی ژیان و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی کەوەك پێویستی رۆژانەی مرۆڤ بۆ نان وئاو، پێویستییێك دووانیش بەو ئازادییەی کەرای پێچەوانەو ئازادی رۆژنامەگەری تیا دەستبەرو بەرجەستەبێت کەمافی هەموو نەتەوەو کەمینەکان وەك یەك یەکسان بێت، بۆیە لەعێراقی بەرلەئازادیدا مامەڵەکردنی هزری تاك لەبواری رامیاریدا کەهەموو کۆت وپێوەندێکی بەرەو روو کرابوویەوە ئەوا بێگومان رۆژنامەگەریش بەشێکی دیاری تەوق کردنی دەربرِینی ئەو بیرە ئازادە بووە تیایدا، هەبوونی پێچەوانەی ئەو، بوونی رەئی ئەو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانەبووە کە رۆڵی زورناژەنی تاك دەسەلاُت و پیاهەڵدان و پەسندکردنی رژێمێکی دیکتاتۆریی ئەوسایان بەئەمانەتەوە لەئەستۆگرت وتادوا چرکەش لەکاردا بەردەوام بوون، ئەوەشیان نازانم لەم عێراقەی ئێستای بیٚ سەددام و عودەی هەر هەمان رۆڵ دەبین یان ...!! بۆیە هەر لەگەڵ نەمانی بەعسییەت لەعێراقدا بوونی ژمارەیەکی دیاری رۆژنامە لەماوەیەکی زەمەنییدا کەبایەخ دەدات بەبونیادنانەوەی کرۆکی مرۆڤی عێراقی ئەرکێکی فرە قورسە پاش ئەو هەموو دابرانە لەئەستۆ بگریٚ و ئومێدی زۆریشی بەدواوەبیٚ، گرنگییەك لەنێو رۆژنامەگەری عێراقیدا هەیە بەتایبەت لەناوەراست وخوارویدا کەلەکەم مومارەسەیی‌و قاوغی کۆن ودواکەوتویی جارانی دەرچیٚ وبەرەو جیهانی بوونی خۆی تەکان بدات، دەرچوونی لەپرێکی ئەو هەموو ژمارەیەی رۆژنامە کەلەخاڵێکی هاوبەشدا کۆکن کەپێروکردن و هێنانەکایەی رژێمێکی دیموکراتی و ئازادی بیرکردنەوەی تاك ومومارەسەکردنی نەمانی ترس وراونان وهەتکردنی نووسەران و هونەرمەندان و... هتد گەشبینی بەدواوەیەنیشانەی تا ئەوپەری نەبوونی ئازادی لەمەوبەرە، دووریش نەروێشتووم دەکریٚ حکومەتی داهاتووی عێراق لەو ئازادی و پێشکەوتنەی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستەبووە تایبەت بواری رۆژنامەگەری سوود وەربگیریٚ، بۆ ئەوەی سەرلەنویٚ لەعێراقداگیان بەبەر ژیانی رۆژنامەگەریدا بکرێتەوەو رۆژنامەنووسانیش لەسایەی ئازادیدا لەتەك هەرنوێکارییەکی کاری رۆژانەیان دابن، بۆیە گەرمرۆڤ لەژیانی رۆژانەمان سلٚ لەمەحالٚ نەکەینەوە ئەوا هەرکارێکی ئەستەمیش بەپێی ماوە بۆمان مەیسەر دەبێت، هەنگاوی کاری سەرەتای ئێمەی کورد لەم هەرێمدا و کەمی سانسۆر لەسەرنووسین رەئییەکانمان تەقبول کردنی رەئی یەك و دوو، بەشێکی سەرەکی سەرکەوتنی ئەزموونەکەمان بووەو درێژەدان بەو رەوتەش رەنگە هەروا ئاسان نەبووبیٚ، بۆیە بیرکردنەوەی نوێتر لەهی دوێنیٚ زەرورەتمەدییەکەو هەق وایە تەواوی ئەو رۆژنامانە گەر زیاتر زمانی خەڵك و کەمتر حزب بن بۆ حزبیش باشترە گەرچی لەلایەنی ماددی مەعنەوییەوە لەپشتییەوە بێت بۆ ئەوەی زیاتر ببنە مینبەرێك بۆ هەموو رەئییێکی ئازاد و ماڵێك بن دەرگایان هەمیشە والاُبیٚ لەبەردەم رۆشنبیراندا .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.